# بەهرۆز جەعفەر / کێ ئەنفال ناباتە نەتەوە یەکگرتووەکان؟ -

# نامەیەك بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

شەممە 7/5/2011

کێن ئەوانەی ئەنفال نابەنە نەتەوە یەکگرتووەکان..؟.. زۆرن ئەوانەی کە لەئاستی بەرپرسیارێتیدان و بۆیان بکرێت دوو تایە ئەخەنە ژێر کەرکوك و ئەیبەن لە هەرکوێ پارە بکات ئەیفرۆشن..!!.. زۆرن ئەوانەی کاڵفامن و وا ئەزانن ئیتر ئەنفال ناکرێینەوەو مێژوو لەهەندێ هێڵی گشتیو لەبەرگی تردا دووبارە نابێتەوە. . جارێ باپێشوەخت و بەبێ راوەستان دەسەڵاتی کوردی تۆمەتبار یان بەرپرسیار بکەین لە نەبردنی کەیسی ئەنفال بۆ مەحفەلی دەولی . . دەسەڵاتێك "١٩" ساڵە بودجەو مووچە بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال و مافی مرۆڤ تەرخان ئەکات بەتەحەداوە ئەڵێم ناتوانێت بەقەدەر تاکێکی خەمخۆر و بێ ئیمتیازی وەك ئێمەومانان خزمەت بەکەیسەکە بکات .

دیاربوو لەو مونتەڵەقەی کە ئێمە ناوێکی دیاربووین لەم دۆخە نەخوازراوەی ناوچەکەو سەرای ئازادیدا، ڕۆژێك لەڕۆژان چاومان بەسەرۆکی پەرلەمان کەوت و ڕاستی یەکانمان لە کۆبونەوەیەکی "٣" کاتژمێریدا، بۆ ڕوون کردنەوە، ئەمە لەودیدەی جەنابیان هەمیشە دەم بەگلەیی بوون کە لەگەڵیان دانانیشین و بەتەنگیانەوە ناچین و خەم ناخۆین و پێکەوە کارناکەین و . . . هتد .لەمەڕ هەستکردن بەبەرژەوەندییە باڵاکانی میللەت باسی ئەوەم کرد، نەتانتوانیووە کەیسی ئەنفال ببەنە "un" و منیش تویژینەوەیەکم ئامادەیە بەناونیشانی "چۆن ئەنفال ببەینە نەتەوە یەکگرتووەکان" بەئالیەتی بردنەکەو هەڵبەت بەزیاتر لەدوو هەزار بەڵگەنامەو دۆکۆمێنت کە بەردەستن بێ هاوکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان. . چونکە وەزارەتی ناوبراو بڕیاری داوە یەك بەڵگەنامە بەکەس نەدا !!. . وەلێ سەرۆکی پەرلەمان خۆشحاڵی دەربڕیو بەندەش لەوماوەیەدا چەند جارێك لەتەلەفزیۆنو بەرنامەکاندا ئاماژەم پێکرد. . "ئەی چۆن سەرۆکی پەرلەمان فەرموویەتی هەرکاتێك دێن دەرگام کراوەیە. . !!" . . قەد وا ساویلکە نەبووم کەچی لەماوەی دە رۆژدا دوو جار لەسلێمانییەوە چوومە هەولێرو سەدان تەلەفۆنیشم کرد ئامادە نەبوو تەنانەت پرۆژەکەشم لێوەربگرێت. . لێرەوە واز لە پەرلەمان ئەهێنمو سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رائەکێشم کە جارێکیان کە هەرچی جارێك گوێتان لێبوو فڵانە کەس سیمنارێك یاخود کۆڕێکی لەفڵانە شارو دەوڵەت لەسەر ئەنفال ڕێکخستووە، یان نازانم لە کوێی ئەم دونیایە باسێك لەسەر ئەنفال ڕێکخراوە، ئەوا بزانن پارەی میللەت بەهەدەردراوە بۆسیاحەتو رابواردنو هیچی تر نییەو هیچ خزمەتێکی سیاسیو یاساییو نێودەوڵەتی بە ئەنفال ناگەیەنێت، تەنها ئەوە ئەچێتە خانەی خزمەتەوە کە ئەنفال لەئاستی دەولیو نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەجینۆساید بناسرێتو هەوڵبدرێت کە قەزیەکە تەعویزی لێ بێتەدەر لەم لایەنەوە وەك چۆن بەکوێت دراوە، لەهەمان کاتدا ئەو دەوڵەتو کۆمپانیایانەی کە هاوکاری ڕژێمی بەعسیان کردووە لە فرۆشتنی چەکی قەدەغەکراودا دادگایی بکرێنو سزای یاسایی وەربگرن. ئێمە لەکاتێکدا ئەمە ئەکەین بەڵگەمان هەیە کە حکومەتو حزب لەسەر حیسابو ناوی ئەنفال خەڵکیان ناردۆتەدەرەوە، کەچی بۆ رابواردنو دیداری خۆشەویستەکەی چووە .لێرەوە کەسو کاری ئەنفالەکان دڵنیا ئەکەمەوە کە پەرلەمانو حکومەتی

**کوردی بەرپرسی یەکەم ئەبن لەنەبردنی کەیسەکە بۆ دەرەوەی وڵات. تاوەکو ئەنفال لە سۆزو گریانەوە بکەینە بابەتێکی سیاسیو یاسایی نێودەوڵەتی .سەرۆکی پەرلەمانیش دڵنیا ئەکەمەوە هەر کاتێك بمانەوێت کەسو کاری ئەنفالەکان لەسەر ئەم هەڵوێستە ئیزدیواجییە ئەرژێنینە سەر شەقام.**